# کارێزمای حەماقەت

کەیهان عەزیز

**سەرۆک قەبیلەکەمان سەرەڕای ئەوەی کۆلکەنەخوێنەواربوو ،وەلی وایدەزانی لەوزاناتروئاقڵتر لەدنیادا نیە! هەر بۆیە بەزمانی شەق، لەگەڵ هەمواندا دەدوا.لەهەمووی سەیرتر هیوایەتەکەی (پەنجەکردن بەلووتدا) بوو کەلەکەس نەدەچوو!ئەحمەقە،وایدەزانی شاکار دەکا!**

**سەیربوو زۆر شانسدار بوو.سەرەڕای بێسەوادی وبیچم ورەفتاری ،کارێزمایەکی درۆیینەی بۆخۆی دروستکردبوو.خۆزگەم بەخۆتان،وڵاتی ئێوە وەک کەلاوەکەی ئێمە نیە.لەئەفریقا قەبیلە وسەرۆکی ئەحمەقی قەبیلە هەمەکارەیە.بەدەرزەن ژن دێنن،هەرچی سامانی وڵات وخەڵکە بەهی خۆیانی دەزانن وبەهەوەسی خۆیان دەیخۆن ودەیدزن،کەسیش بۆی نیە ورتە بکا،چونکە ورتە بەگوللە وەڵام دەدرێتەوە.کەس بۆی نیەسەرۆکی ئەحمەقی قەبیلە وکارێزما بۆگەنەکەی بخاتەژێر پرسیارەوە.کەس بۆی نیە بڵێ کاکەی نەخوێنەوار تۆ بۆ کارخانەی تەپڵەک(ژێرسیگاری)دروستکردن باشیت تا بۆ سەرۆکایەتی قەبیلەیەک،کەس بۆی نیە بڵێ دنیا گۆڕاوە، تۆ کە7 پشتە سەرۆک قەبیلەیت،دەواز بێنە هەی زیبرا.ڕاستیەکەی داخی لەدڵمدایەوتەنها من دەزانم ئەو سەرۆک قەبیلە بوغزاوی ونەخوێنەواروساختەچی ودزەمان چەندە وێرانە.ماوەیەک بابم خزمەتکاریان بوو. ئەوساکە منداڵبووم و زۆرجاران وڕکمدەگرت تا بابم لەگەڵ خۆی بمبات بۆسەرکار وهەندێ جار دەیبردم. سەیربوو کەدەچوومە ئەوێ بۆم نەبوو لە منداڵەکانیان نزیکبمەوە ویاریان لەگەڵدا بکەم. سەرۆک قەبیلەش تەنها منداڵەکانی خۆی خۆشدەویست!و گەرمنیشی لەئاشپەزخانەکەدا بدیبایە گرنگیەکی بەمن نەدەدا .ئەمەش وایلێکردم ،بەپێچەوانەی خەڵکەوە،هەر لەمنداڵیەوە ڕقم لێبێت .لەوچەند جارەی بابم منی بردبووە ئەوێ،تەنها جارێکیان لەو هەموو پارە دزراوەی قەبیلە،پارەی کراسێکی دابوومێ!**

**هەمیشە خوتبەی دەدا وخەڵکیش بەپەرۆشەوە گوێیان بۆ ڕادەدێرا!سەیر بوو،گەر بیگوتبایە گوو چەپڵەیان بۆلێدەدا.لەبیرمە جارێکیان هێشتا دەستی نەکردبووە خوتبەدان وبێئەوەی هیچ شەکرێکی شکاندبێت!هەر کەوتی: "خەڵکی بەئەمەک وخۆڕاگری قەبیلە " ئەو خەڵکە گەوجەی کە لەوێ ئامادەبوون، بەباوکیشمەوە، کەوتنە چەپڵەلێدان ودروشمدان و هەلهەلەلێدان! سەرەڕای ئەوەی منداڵبووم ،کەچی سەرسامی گەوجی ئەو خەڵکەبووم.چونکە لەو باوڕەدا بووم گەر من قسەم بکردایە لەشەکرەکانی ئەو چاکتر دەردەچوون!**

**ئەمە حاڵی خوتبەدانی بوو.گەرتاقەتی لەگارەگار و پرتەپرتکردنیش بچووایە، خەریکی دەستکردن بەلووتیا بوو،بەڵێ دەسکردن بەکەپویدا! ئاخر ئەو لەکونەلوتیا بەشوێن ڕاستیەکاندا دەگەڕا.**

**ئەو کاتە گەر جارجارە دەستم بەلووتمدا بکردبایە یان بەقۆڵم لووتم بسڕیبایە، دایک وبابم تێیاندەسرەواندم.تا ڕۆژێکیان لەحالێکدا سەرۆک پەنجەی شەهادەتی لەلوتیدابوو، دەرفەتم هێناو بەبابم وت:"چما ئەو دەستدەکات بەلووتیدا لێینادەیت،کەچی بەمن فێریت و دامدەپلۆسیت؟.هەر ئەمەم وت. سەرۆک سەیرێکی بابمیکردو ئەویش تاهێزی تیابوو تێیسرەواندم.تەوقی سەرم دەسووڕایەوە!ولەدەم ولوتمەوەخوێن فوارەیدەکرد،کەچی سەرۆکی**

چڵمن  بەزەیی نەجولاو ، تەنها بەبابمی وت" بیبەرەوە بۆماڵێ وچیدی مناڵ مەهێنەبۆ ئێرە ".کەچووینەوە ماڵێ و بابم داستانەکەی بۆ دایکم گێرایەوە،دایکیشم هێندەی دیکەی تێهەڵدام! ودەیگوت:" هەتیوە چڵمنە،دەتەوێت نانبڕاومان بکەیت!" بابیشم دەیگوت؛"چەتیو، چڵمن مەخەرە سەر زمانی ئەم هەتیوە.دەچێتە دەرەوە ولەکۆڵان وسەرجادە باسی دەکات و نەک نانبڕاو بگرە تەفروتووناشمان دەکەن"هەرچەندە وتم"نانبڕاوی چی ،خۆسەرۆکیش وەک من چڵمنە ،ئەی بۆ کەس بەوناڵێت ولێینادات؟"کەچی ئەوجا دیسان بابم بەدارکەوتە وێزەم.سەیر بوو لەقەبیلەکەماندا سەرەڕای ئەوەی خەڵکانی دکتۆروموهەندیس وخوێنەواری تێدا بوو،وەلێ زۆربەیان لۆمپەن بوون.کەدەچوونەلای ماستاویان بۆدەکرد،بەشان وباڵیاندا هەڵدەدا.سەرۆکی هێژای چڵمنیش خۆی دەیزانی چەند ئەحمەقە!وەلی کاتێک کە دەیبینی لایەکی قەبیلە، بەخوێنەوارو نەخوێنەوارەوە  ماستاوی بۆدەکەن وکردویانەتە خوایەک، بڕیاریدا سوود لە لۆمپەنی ماستاوچی وقەڵەمبەدەست و بەنیوخوێنەواران وەرگرێ و بیانکاتە ئامرازێک بۆ دروسکردنی مێژوویەکی تایبەقاقا ساختەوکارێزمایەکی پووچ بۆ خۆی.
تاگەورەتر دەبووم وزیاترم دەخوێندەوە، دەردەکانم زیادتر دەبوون وپووچی سەرۆکی نەخوێنەوار ولۆمپەنی ماستاوچیان وگەوجی قەبیلەکەمانم زیاتر هەستپێدەکرد. ماوەیەک لەبەندەری مۆنرۆڤیا کارمدەکرد، شانسم هێنا ودەرفەتم بۆ هەڵکەوت لەو کەربازاڕ و کەلاوەیە خۆم ڕزگار کرد.ئێستاش بەبیستنی ناوی کەلاوەکەو سەرۆکەمافیاکەی ،ڕشانەوەم دێت.بەبیستنیناوی ئەو قەبیلە گەوجەی کەئەوی کردۆتە سەرۆکی خۆی، بیزارم.خۆزگەم بەخۆتان ئێوە لەکوردستانی دیموکراسی،کەسێکی وەک سەنکوحتان* نیە و میلەتێکی مۆدێرنترن لەئێمە!

سەنکوح:سەرکردەیەکی مافیایی سیرالیۆنە

Brussel,
8-05-05